# زمانی شیعریی، زمانی سینەمایی

**لە (قەسیدە/فیلم)ی (لە دەروازەی قەبرستانی مەعمەل قیڕدا) [i]ی ئیسماعیل بەرزنجی**

**عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا**

**(4–1)**

**(لە دەروازەی قەبرستانی مەعمەل قیڕدا)**

دیسان منم

لە من زیاتر

کێ حەنین دەیکوژێتو

ڕۆحی گەرمی دەخاتە بەر بایەکی سارد

منم

بە ئەسپایی دێم

زێوانەکە بە خەبەر دێنم

بە زمانی گوڵ پێی دەڵێم:

(دێمکە ئاوەکە بێنە با بچین گوڵە ماتەکانی سەر سینگی جوانەمەرگ ئاو بدەین، با تۆزو خۆڵی سەر دەموچاوی یەنگی دنیا بشۆینەوە).

وا دێم

بە شەقاوی لەرزۆکاوی

ڕووەو چێورەمەکەت هەنگاو دەنێم

نە خۆڵ

نە بەرد

نە پنجە گیای سەر دڵت

هیچیان وەئاگا ناهێنم

بە ماتی دەست لە کێلەکان وەردێنم

بە ناڵەیەکی حەزین دەچرپێنمە گوێت:

–کوا مەقاماتی راکشان؟

–کوا جگەر کێشانی پێش چوونە نێو جیگا؟

–کوا ڕۆمانی (مرحبا ایها الحزن)

–کوا لەعابەکانی زیلان؟

–کوا فاتورەی ئاوو کارەبا؟

–كوا كاسێتی (القلب يعشق كل الجميل)؟

–كوا پاكەتی سۆمەری بولگاری؟

–كوا باليفە گەورەكەمان؟

–كوا بەتانييە دوو نەفەرييەكەمان؟

–كوا شەرابی سينزانۆ؟

****

وا دێم

نازانم دەمناسيتەوە يان نا؟

ئێستا سەرم كوێستانی بەمۆيەو

تێی ئالأوە تەم

ئێستا تەبەشم

تژييە لە قۆرتو چاڵ

ئێستا دوو چاوە قاوەييەكەم

كزو كەم حوكمن

ئێستا سيخە سيخی سينگم

رۆژە رێيەك دەڕوا

بەلأم

هەمان سەرخۆشو حەشاشەكەی جارانم

دەگوێم لێبگرە

تا بەو پەڕی حوزنەوە پێت بڵێم:

–رەشنووسی رۆمانەكەم چی بە سەر هات؟

–پانتۆڵە قەديفە زەيتونييەكەم چی بە سەر هات؟

–چەرخە ئيتاڵيە ستيلەكەم چی بە سەر هات؟

–رانكو چۆخە مەرەزييەكەم چی بە سەر هات؟

–ئەو رەسمەی لەگەڵ جەليل قەيسيدا گرتبووم چی بە سەر هات؟

–ئەلبوومی رۆژی شەكراو چی بە سەر هات؟

–بەدلەكەی عيد ميلادی كاڵێ چی بە سەر هات؟

–راديۆ هەشت مۆجەكەم چی بە سەر هات؟

***

هەست دەكەم

كۆترە باريكەيەك

لە سەر شانی راستەم دەنيشێتەوە

دەزانم

ئەمە رۆحانیەتە شەکەتەکەی تۆیە

بە گمەیەکی پڕ لە بێزاری پێم دەڵێ:

–یەکەم چرپەی عاشقەکەت لە کوێە؟

–ژمارەی یەکەم تەلفۆنت لە کوێیە؟

–یەکەم نامەی کە بۆت نووسیم لە کوێیە؟

–یەکەم ئوتێل کە روومان تێکرد لە کوێیە؟

–یەکەم جێ ژوانمان لە کوێیە؟

لە پڕ دەفڕیو دەروازەی قەبرستانم بە باڵە شکاوەکانت لێ دەگریو

بە تووڕەییەوە پێم دەڵێ:

–ئەی پیاو ئەی دڕندەی تێر نەخۆر

–ئەی دەعبای مشەخۆر

–ئەی گەورەترین درۆزنی مێژوو

ئەی ساختەچی ئەی کارخانەچی

–تۆ کە ئێستا لە باوەشی ژنێکی دیکە دای

تۆ کە ئێستا بۆنی هەناسەیەکی دیکە دەکەی

بۆ لێم ناگەڕێی بە ئاسوودەیی بنووم

–بۆ لێم ناگەڕێی چێژ لە مردن ببینم، هەی تف لە ژیان.

****

**زمان هەر تەنها کۆمەڵێك دەستەواژە نییە، بەڵکو کۆمەڵێك پەیوەندییە، هەر تەنها خوێندەواران‌و فەرهەنگسازان بە بونیادنان‌و دروستکردنی خەریك نین، بەڵکو بۆخۆی قەوارەیەکی زیندووی گەشەکردووە لە ناوکۆییەکانی ژیان‌و سەردەم‌و کارو بیرکردنەوەو ژینگەو شەقام‌و پێداویستییەکانی کۆمەڵگەوە هەڵدەقوڵێ، پەیوەندی بە سەرنج‌و بەدواداچوون‌و مەرگەسات‌و خەونەکانەوە هەیە، بەو مانایەش شەڕی زمان شەڕی خودەکان نییە، بەڵکو وەك (بارت) دەڵێت: شەڕی ناوکۆییەکانی زمانە. واتە ئەوەی کە رووبەرووی یەکتر دەبنەوە ناوکۆییەکانی زمانە، تاکەکان نین، زاراوەی کۆمەڵایەتییە، نەك تاك.** [ii]

**لێرەوە زمان وەك هەر بوونەوەرێکی دیکە گەشە دەکات‌و دەمرێت، بەرەوپێشەوە دەچێت‌و لە گۆڕانی بەردەوامدایە، لە پەیوەندییەکی دینامیکیدا خۆی هەڵدەگرێتەوە، هەروەها لە زماندا وشە دنیایەکی ئاڵۆزو بە تام‌و گۆڕاو دەنوێنێ، ماناو ئیقاع لە زماندا بە پێی زەمەن‌و شوێن، بە پێی رووناکی‌و تاریکی دەگۆڕێن، لە نێوان زمانی فەرهەنگ‌و زمانی شەقام، زمانی گوزارەکەرو زمانی دژ بە گوزارەکردن، زمانی واقیع‌و زمانی شیعرو زمانی سینەما .... دنیایەك بۆشایی‌و جولەی هاڕمۆنی شیاوو نەشیاو هەیە، کۆمەڵێك ئەزموون‌و فەزای رەنگاورەنگ دەبینرێت.**

**گرژبوونی زمان، خاوبوونەوەی مانا**

## له نێوان زمانی شیعریو زمانی سینەمادا

وەك چۆن رۆمانو چیرۆك لەزمانی سینەما سوودیان وەرگرتووە. بەم شێوەیەش شیعر توانیویەتی سوود لەزمانی سینەما وەربگرێت، بەڵام چۆن بە زمانی سینەماو شێوازی درامییەوە دەتوانین قسە لە شیعر بکەین؟ ئەگەر رۆمان بەشێوەیەکی خێراو دیار سوودی وەرگرتبێ، ئەوە بۆ سروشتی رۆمان دەگەڕێتەوە. لە بەرامبەر ئەوە سوود وەرگرتنی شیعر ئەو شێوە خێرایەی لە خۆ نەگرتووە، چونکە شیعر هەمیشە خەون بە ئامرازی نوێی کێشکردنو تەومژییەوە دەبینێ تاکو بەشێوەیەکی نوێ لە دووتوێی خۆ ناسکردنو خۆ لادان، لە نێوان ئەزموونی ناوەکیو ئەزموونی دەرەکییەوە هەڵسوکەوت بکات. واتە درککردنتت بە دوو روو لە یەك کاتدا خۆی نومایش بکات، لە لایەك مانایەك ببەخشێو لە لایەکی دیکە مانایەکی جیا لەمانای پێشوو لەخۆ بگرێت، یان شتێ بڵێو ئێمەش لەوگوتنەدا درك بە شتێکی جیا بکەین. بێگومان ئەو یەکتر بڕینە لە ئەدەب دەکەوێتە نێوان (بیستنو خەیاڵ)و سروشتی شیعری لەخۆدا هەڵگرتووەو بە یەکەمین کەرەسەی خۆلادانی شیعری لە قەڵەم دەدرێت. بەڵام لە سینەمادا ئەو یەکتر بڕینە دەکەوێتە نێوان (بینینو هەست)، بە یەکەمین کەرەسەی بونیادی دیمەنی سینەمای ناوزەد دەکرێت. بەو مانایە (بیستن/خەیاڵ)و (بینین/هەست) خاڵێکە زمانی شیعرو زمانی سینەما بە یەکەوە دەبەستێتەوە. ئەگەر (بیستن/خەیاڵ)و (بینین/هەست) لە (وێنە/دیمەن) هەڵگرینەوە، دەبینین زمانی شیعریو زمانی سینەمایی لە چۆنێتی کێشانی وێنەدا جیاواز دەکەونەوە، چونکە بونیادی وێنەی شیعری لە سەر (خەیاڵ/پێشبینیکردن) دادەمەزرێ، لە سینەما لە سەر (هەست/جولە) دێتەوە. شیعر پێویستی بە ناوەندیاری تەکنیکی وەك (کامیرا، سرووشتی رووناکی، مامەڵەکردن، کیمیاگەری، ئامێرەکانی دیکە..) نییە، لە بەرامبەر ئەوەدا (دەنگ، رەمز، نووسین، سپێتی) لە دروستبوونی بەشداری دەکەن. ئەگەر ناوەندیاری تەکنیکی لە سینەما بکەوێتە دەرەوەی وێنە، لە شیعردا دەکەوێتە ناوەوە، نەك هەر هێندە بەڵکو ناوەندیار خودی وێنەیە.

کاتێك لە سینەما ئەزموونی ناوەکی لە رێگەی (بینین/هەست) دەگوازرێتەوە، بە هۆی (هەست/جولە) جۆرێك لە گشتێتی درۆینەی دەنوێنێ، بەڵام لە شیعردا چونکە دەکەوێتە سەر (بیستن/خەیاڵ) بۆیە بە گومانو ماناوە بەند دەبێت. لە سەر ئەو بنەمایە دەشێ بڵێین زمان لە وێنەی سینەماییدا ئازادییەکانی بەندە بە ناوەندیاری تەکنیکییەوەو مانا بە ئاراستەیەکی دیاریکراوو مەبەستدار هەنگاو دەنێت، ئەوەش تەواو بە پێچەوانەی شیعر دەکەوێتەوە. لە لایەکی دیکە وەك دەزانین خەسڵەتی وێنەی شیعری لە گوتن بەرجەستە دەبێت، بەڵام سینەما لە گرتە، یان دیمەندا دێتەوە، یەکەمیان لە رەوانبێژی خۆی دەبینێتەوە، دووەمیان لە پەیوەندییەکی تەجریدیدا دەردەکەوێت، هەر لەوێشەوە وێنەی شیعری ئاماژەو جولەی جۆراوجۆر دەنوێنێو بە داهێنانەوە بەند دەبێت، بەڵام وێنەی سینەمایی لە بنەڕەتدا جێگیرەو هەموو جولەکانی لە ناوەندیاری تەکنیکییەوەیە، کۆی ئەو جولانەش جگە لە خەڵەتاندنی چاو شتێکی دیکە نییە، بەو مانایەش سینەما درککردنتت وەهم وەك ئەلتەرناتیفی خەیاڵ بخاتە کارو چاوی بینەر لە رێگەی وەهمەوە لە سکونی رەهاوە بخاتە نێو جولەی هەمەرەنگەوە.

لێرە لە خوێندنەوەی (قەسیدە/فیلم)ی (لە دەروازەی قەبرستانی مەعمەل قیر)ی (شاعیر/کاراکتەر) (ئیسماعیل بەرزنجی)دا، هەوڵدەدەم کار لە سەر کۆی ئەو پەیوەندییانەی نێوان زمانی شیعرو زمانی سینەما بکەم، بەو

مانایە ئاراستەی قسە کردن لەو هاوجووتکردنە دەکەوێتە سەر مانای شیعریو گرتەی کامیراییەوە. واتە ئەم خوێندنەوەیە بە قەد ئەوەی نزیك بوونەوەیە لە (هونەری نواندن) ئەوەندە ناکەوێتە سەر تەرجەمەکردنی شیعرییەتەوە، دەمەوێت بە شێوەیەکی هونەری دیالۆگێکی نوێ لە نێوان لادانی شیعریو لادانی سینەما دابمەزرێنم، کۆی ئەو لادانانەش لە هاوجووتکردنی زمانی شیعرو زمانی سینەما لە ڕێگەی ئەزموونکردنی ناوەکیو ئەزموونکردنی دەرەکی درێژ بکەمەوە. ئەزموونی ناوەکی سڕی تاکایەتی دەنوێنێ، (بەڵام ئەوە هەرگیز بە مانای ئەوە نایەت کە وەك پرۆسەیەکی ڕەسەنو یەکپارچە سەیری بکەین چونکە هەر چەشنە سەریرکردنێکی لەو جۆرە جگە لە ڕەهاخوازیو دۆگماو دەمارگرژی هیچ ئەنجامێکی دیکە ناخاتەوە) بە دیوەکەی دیکە ئەزموونی دەرەکی بە گشتیکردنی ئەزموونی ناوەکی لێدەکەوێتەوە (بەڵام ڕەتکردنەوەی ئەزموونی دەرەکی مانای پەیوەستبوون نییە بە خودو ئەزموونی ناوەکییەوە) دەشێ یەکەمیان خۆ دۆزینەوەو دووەمیان بە خۆنامۆبوون بگەیەنێت.

بەمجۆرە ئەگەر لادانی شیعری لە سەر پەیوەندی وێنەو خزینی مانا بێتەوەو بە میکانیزمی خەیاڵو پێشبینیکردن بەند بێت، ئەوە لادانی سینەمایی لە سەر پەیوەندی وێنەو جولەی وێنە دەوەستێو بە میکانیزمی وەهمو تەجریدکردنەوە دەلکێ، فەزای یەکەمیان بە فەزای شیعری ناو دەبرێت، دووەمیان بە فەزای سینەمایی، یەکەمیان لە بەرفرەوانی ماوەی نێوان بیستنو خەیاڵ، گرژبوونی زمانو خاوبوونەوەی مانا خۆی دەنوێنێ، دووەمیان لە کورتی نێوان بینینو هەست، گرژبوونی ماناو خاوبوونەوەی زمان دەخاتەوە.

لێرەدا دەشێ پرسیاری (خوێنەر/وەرگر) ئەوە بێت کە چۆن ئاراستە سۆزئامێزەکانی ئەو شیعرەی (بەرزنجی) کە لە ڕووە دیارەکەی بە تەواوی دەکەوێتە سەر حاڵەتی دەروونییەوە بە وێنەی تەجریدییەوە دەلکێ کە سەر بە تەکنیکی سینەماییە، چۆن فەزای شیعری کە سەر بە ماناو گومانی جۆراو جۆرە بە فەزای سینەماییەوە دەبەستینەوە کە سەر بە خەڵەتاندنی چاوە؟!

(لە دەروازەی قەبرستانی مەعمەل قیڕدا)

بە کورتی قەسیدەی (لە دەروازەی قەبرستانی مەعمەل قیڕدا) وەك لە ناونیشانەکە هاتووە، شاعیر سەردانی گۆڕی خێزانەکەی دەکات، لە گۆڕستان بە زێوانەکە دەڵێت: دێمکە ئاوەکە بێنە با بچین گوڵی سەر گۆڕی جوانەمەرگ ئاو بدەین، ئینجا لە هەنگاونان بەرەو گۆڕەکە دووچاری شپرزەیی دەروونیو دەنگە دەنگو ئازاری ویژدانی دەبێتەوە، ئیتر لە ونبوونی زێوانەکە دەست لە کێلان وەردێنێو لە ڕێگەی بە یادهێنانەوە بە ئیقاعێکی هێمنو غەمگین لە دواندنی مەنەلۆگئامێزی (ئەو)ی جوانەمەرگەوە ژیانی لە دەستچوو بە سەر دەکاتەوە، دواجار (ئەو)ی جوانەمەرگ لە گۆڕدا بە تووڕەییەوە دێتە قسەو دەڵێ: ئەی پیاو ئەی دڕندەی تێر نەخۆر بۆ لێم ناگەڕێی بە ئاسوودەیی بنووم، بۆ لێم ناگەڕێی چێژ لە مردن ببینم، هەی تف لە ژیان!.

وەك دەزانین فەزای قەسیدەکە فەزایەکی گێڕانەوەئامێزەو سەر بە گێڕەڕەوەی هەموو شت زانە، ئیقاعی قەسیدەکە نەرمو هێمنو غەمگینە، کات لە نێوان ئێستاو رابردووی نزیكو دوور دایە، شوێن لە گۆڕستانەوە بەرەو شوێنی بەیەکەوە ژیان (لەگەڵ ئەو) هەنگاو دەنێت.

بە گشتی دەتوانم بڵێم ئەو قەسیدەیە خۆدواندنێکی دەروونییەو بە زمانێك کە تەعبیر لە پاڕانەوەو لالانەوە دەکات ژیانی لە دەستچووی خێزانی دەگێڕێتەوە. لێرە لە ئاماژەکردن بە وشەی (خێزان) دوو مەبەست لە

ئارادایە، یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو قەسیدەیە هاوژیانی بە مانای یەکسانی نێوان ژن و مێرد تەماشا ناکات. دووەمیان ئەوەیە کە چۆن ماف بە خۆی دەدات تایبەتمەندیی خێزانی، یان بە مانایەکی دیکە ئەزموونکردنی ناوەکی –خێزانی– ((دووبارە جەختکردن لە وشەی خێزان ئەوەیە خوێنەر ئەزموونی ناوەکی تاک و ئەزموونی ناوەکی خێزانی کە تەعبیر لە هاوپەیمانی نێوان دوو کەس دەکات لە یەك جیا بکاتەوە، خوێندنەوەو بەدواداچوونەکانی من لە سەر ئەوی دووەمیانە نەك یەکەم)) لە پێناو دەرکەوتنی (منی شیعری، یان منی سینەمایی) بە گشتی بکات... هەر لە سەر ئەو بنەمایە دەشێ دەسنیشانی دوو جۆر لە زمان بکەین: زمانێك کە بە شێوەیەکی دیار واقیعی دەکەوێتەوەو سۆزئامێزەو هەڵگری تەعبیرکردنە، هەروەها لە لایەن گشتەوە قبوڵە. زمانێك کە لێرە لە رێگەی بە فیلمکردنی قەسیدەی ناوبراو هەوڵی دۆزینەوەی دەدەین، زمانێکە تەعبیر ناکات و لە دەرەوەی گشتدایەو تووندوتیژییەکی تەعبیرنەکراو دەخاتەوە. شەڕی نێوان ئەو دوو زمانە وەك لەو لێکۆڵینەوەیە دەردەکەوێت، شەڕی دەرکەوتن و تەعبیرکردنە، بە مانایەکی دیکە (منی شیعری) لە یەکەمیاندا هەوڵدەدات بە گشتی سۆزی (خوێنەر) بەلای خۆیدا کێش بکات، بەڵام لە دووەمیان (منی سینەمایی– ئەگەر ئەو دەستەواژەیە گرفت نەنێتەوەو خۆی لە ماناکانی منی شیعری نزیك بکاتەوە) لە بەر ئەوەی لە وێنەدا دەردەکەوێت، بۆیە ناتوانێت (بینەر) بخاتە نێو سۆزی ناوبراوەوە، بەڵکو بێنەر بۆ خۆی خودی دەرکەوتنەکان دەبینێت و هەر لەوێشەوە هەست بە جۆرێك لە کەڵەگایی و تووندوتیژی و خۆ فەرزکردنی (من) دەکات.

لێرە ئەگەرچی لە لایەن (شاعیر)ەوە ئەو قەسیدەیە هیچ جۆرە دابەشکردنێك لەخۆ ناگرێت، بەڵام من لەو خوێندنەوەیەدا بۆ ئەوەی رووونتر قسە لە سەر دەلالەتە دیارو نادیارەکانی و وێنەگرتنی کامیرا بکەم، هەوڵدەدەم دابەشی حەوت دیمەنی دەکەم.

[i] بەرزنجی، ئیسماعیل، -پەست، وەك ئێوارە نارنجییەکانی نیشتیمان، دیوانی شیعر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ژ،598، چ1،2007،ل35.

[ii] -بارت، رولان، هسهسه اللغه، ترجمه: د.منژر عیاشی، مرکز الاتنماو الحچاری-حلب، گ1،1999، ل161.